# عەبدوڵڵای موهتەدی:
# حزبی کۆمۆنیستی ئێران (گۆڕێکی بە کۆمەڵە) بۆ کادرەکانی کۆمەڵە


عەبدوڵڵای موهتەدی

**دیدار**
**خالید محەممەدزادە**

عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە یەکەم چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی دوای تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرەی ١١ی حزبەکەی تیشک دەخاتە سەر بەرنامەکانی کۆنگرەکەیانو نایشارێتەوە کە زۆر لە ماددەکانی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەبێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ، هەرچەند دەڵێ: "ئەم گۆڕانەش نابێ ببێ بە هۆیەک بۆ دوو بەرەکی سازکردن لەناو کۆمەڵە".

*** تازەترین کۆنگرەتان بەستو ئەو گۆڕانکاریانەی پێشبینی دەکرا لەو کۆنگرەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بکرێ نەکراو زۆر ماددەو بەندی ئەم پەیڕەوە وەک خۆی مایەوە، وەک مادەی یەکەمی کە کۆمەڵە بە "حزبی سۆسیالیستی کرێکاران لە کوردستان" پێناسە دەکا. هەرچەند بوونی ئەم ماددەیە لە نێو خودی کۆمەڵە رەخنەی زۆر لە سەرە، ئەم ماددەیە ناکۆک نییە لەگەڵ شیعارو پراکتیکی ئەمڕۆی کۆمەڵە؟**

– نزیکەی ساڵو نیوێک پێش ئێستا لە دەفتەری سیاسی کۆمەڵە ئەو باسە هاتە ئاراوە کە خۆم هێناومەتە گۆڕێ، کە پێویستە پێداچوونەوەیەک بە ماددەی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بکەین.

ئێستا لەو بڕوایەدام کە ئەم پێداچوونەوەیە پێویستە، بەڵام بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک بکەین زانستییانە بێت، دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی باشی بۆ کرابێو ناشبێ ئەوەش بکەین بە هۆیەک بۆ دووبەرەکیو ناکۆکی، بۆیە دەبێ گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەینو دیالۆگی چاکی لەسەر بخەینە رێ.

پێموایە ماددەی ئەوەڵی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەبێ لە هەمان کاتدا روحییەتی چەپو سۆسیالیستی کۆمەڵە وەک حزبو رەوتێکی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە خۆیدا بنوێنێ، بەڵام لە هەمان حاڵدا پێموایە زمانوفۆرمولبەندییەکەی دەبێ ئەمڕۆیی تر بکرێ، دەبێ تەوازنێکی باشتریش لەنێوان ئامانجەکانی کۆمەڵە دابین بکرێو کۆمەڵە بە شەفافییەتی زیاتر وەک ئاڵا هەڵگری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو وەک حزبێک کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئەمە باس بکا.

***بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە تۆ موخالیفی گۆڕینی ئەو مادەیە بویت، چونکە بەرپرسێکی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ئەم ویستی گۆڕانەی پێشتر هێناوەتە گۆڕێو لەبەرئەوەی کەسێکی دیکە ئەمەی باسکردوە تۆش موخالیفی؟ ئەمە تا چەندە راستە؟**

– گۆڕان لە هەر جێگایەکەوە بێ ئەگەر گۆڕانی باش بێت کەس دژی نییەو منیش دژی نیم. خۆم یەکەم کەس بووم کە لە دەفتەری سیاسیدا ئەو باسەم هێناوەتە ئاراوە، تەنیا شتی من بۆ ئەو ماددەیە ئەوەیە کە باسم کرد.

یەکەم، دیالۆگێکی زانستیو تیۆری سیاسی لەسەر بکرێو بە دڵێکی کراوەو سینگی ئاوالاوە، نەکرێ بە ئامرازێک بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی، بەڵکو هەوڵبدرێ تەوافوقێکی گشتیو یەک رێزییەک لەسەری پێک بێ، من تەنیا مەرجم ئەوە بوو هیچ کەسیش نەهاتووە ئەمە بهێنێتە ناو جەلەسەی کۆنگرەوە.

*** ئێوە کە لە پراکتیکدا ساڵانێکە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران هاتوونەتە دەرێو رەخنەشتان گرت لێیو زۆرجار بەحزبێکی مردوو وەسفتان کردووە، بەڵام دەبینن لە تیۆریو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەشدا دیسان بەرنامەو تیۆرییەکانی حزبی کۆمۆنیست دەبینین ئەوە چۆنە؟**

– ئێمە لە ساڵانی رابردوودا خۆمان لە تیۆری حزبی کۆمۆنیستی ئێران رزگار کردووە، ئەگەر چاو پێدا خشاندنێک بکەن بەو ماوەیەی رابردوو دەبینن لە زۆر بواری فیکریو تیۆرییدا ئێمە پێدا چوونەوەمان کردووە.

ئەسڵەن پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵەو هێنانە دەری کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەرەتای ئەم ئاڵوگۆڕە نەبوو، لە راستیدا بەشێک لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕە فیکرییانە بوو، واتە بە چەند ساڵ پێش ئەوەی ئێمە لە حزبی کۆمۆنیست جیابینەوە، من هەموو بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانم لە تەوەرە سەرەکییەکانی داوەتە بەر رەخنە.

دیدگای حزبی کۆمۆنیستی ئێرانو دیدگای کۆمۆنیزمی کریکاریمان لەسەر یەکێتییە

**ئێمە لەو بڕوایەداین حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی ئەزموونێکی شکستخواردووەو ئێستا ئەوان جگە لە ناوێک یان قاڵبێک هیچی تر نین**

کرێکارییەکانو رێکخراوو شوراکان بە تەفسیرو لە روانگەیەکی تیۆرییەوە داوەتە بەر رەخنەو سنور بەندی خۆمان لەگەڵیان کردووە، رەخنەشمان لە زۆر چەمکی باوی ناو حزبی کۆمۆنیستی گرتووە.

ساڵەکانی پێش جیابوونەوەی ئێمە لە حزبی کۆمۆنیست، کۆمۆنیزمی کرێکاریو بنەماکانیمان داوەتە بەر رەخنە. ئەو کارەی کە هەرگیز لە حزبی کۆمۆنیست نەیانکرد. ئێمە مانان واتە چالاکانی پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بوون کە ئەو رەخنانەیان گرت.

دواتریش ئەزموونی حزبی کۆمۆنیستمان دایە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندن، ئەگەر هەموو ئەو کارە تیۆریانە نەبوایە خۆ ئێمە بنەمایەکمان نەدەبوو بۆ جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیست لەبەرئەوە ناڵێم کاری نەزەری بە کۆتایی گەیشتووە، نەخێر ماومانە بیکەین، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو کارە تیۆریو ئەم رەخنەو پێداچوونەوەیە، بنەما فیکریو سیاسییەکانی کراوە، ئێمە کە هەڵسوڕاوانی خەتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بووین لە پرۆسەی ئەم رەخنە گرتنەدا وردە وردە یەکمان گرتەوە، بۆیە یەکگرتنەوەی ئێمە یەکگرتنەوەیەکی سالم بوو، لەسەر بنەمای فراکسیۆن بازییەکی تەشکیلاتی نەبوو.

***باشە هەموو ئەم رەخنانە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا کە چاو لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەکەین، لە زۆر ماددەدا وەک حزبێکی کۆمۆنیستی، کۆمەڵە پێناسە دەکا، بۆ نموونە مادەی ٢٥ دەڵێ: کۆمەڵە (حزبی شۆڕشگێڕی کرێکارییە) تۆ بۆ ئەمە دەڵێی چی؟ بۆ ئەم ماڵاوایە زۆر خاوو لەسەرخۆیە؟؛ زۆر جدی نییە؟**

–نەخێر زۆر جدییە، زیاتر لە سەدی نەوەدی ئەدەبیاتمان وەک یەک نییە، فۆرمۆل بەندییەکانمان وەک یەک نییە، چەمکەکانمان وەک یەک نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا رەنگە تۆ عیبارەت یا رستەیەک وەک یەک ببینی، بۆ من ئەوە هیچ بەڵگەیەک نییە کە نیشان بدات ئێمە وەک جەنابت باسی دەکەی دانەبڕاوین لە حزبی کۆمۆنیست.

نەخێر ئەو دابڕانە زۆر قوڵترە، بەڵام خۆم دژی ئەوە نیم کە پێداچوونەوەیەک بە پێڕەوی ناوخۆشدا بکەین، ئەوەم پێ شتێکی باشە.

***دەتوانی پێم بڵێی ئەم کۆنگرەیە چ جیاوازییەکی هەبوو بە نیسبەت کۆنگرەکانی دیکەتان، دەسکەوتەکانی چی بوون؟**

– لە باری سیاسییەوە زۆر بە روونی ئەرکەکانی ئێمەی دیاریکرد، گەشەسەندنێکی سیاسی زیاتر بە باسەکانی ئەم کۆنگرەیە دەبینم لەچاو جاران، بە ژمارە لە هەموو کۆنگرەکانی تر نوێنەرانو بەشدارانی زیاتر بوون، لەم کۆنگرەیەدا قسەکان زۆر راشکاوانە کرا.

***بەنیسبەت دواکەوتنی کۆنگرەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەم دواکەوتنە، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی ناوخۆی کۆمەڵەو گوایە تۆ هەوڵت داوە زۆرترین لایەنگری خۆت بەریتە کۆنگرە؟**

– دواکەوتنی کۆنگرە پەیوەندی بە باری ئەمنییەتی کۆنگرەوە هەبوو، ئێمە لەیەک شوێن کۆنگرەمان نەبەست، لە دوو شوێن بەستمان. ئەمە بووە هۆی دوو رۆژ دواکەوتنی کۆنگرە، بەڵام باسەکانی کۆنگرەش ئەو بەرنامەیەی بۆمان دانابوو تۆزێک لە سنوری خۆی ترازا. زۆرتر قسەی لێکرا، من بە حوکمی ئەرکی سیاسیو ئەخلاقی سیاسیو بە حوکمی ئەرکی رێکخراوەیمو تەشکیلاتیشم کە منیان وەک سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژاردووە، من خۆم بە نوێنەری هەموو کەس دەزانم لە کۆمەڵەداو واش هەڵسووکەوتم کردووە، کەسی واشم نەدی لەم کۆنگرەیەدا کە قسەی لەسەر شەخسی خۆم هەبێ، ناڵێم هیچ رەخنەیەک نییە، بەڵام نەمدی کەسێک بڵێ با فلان کەس هەبێو فلان کەس نەبێ.

***یانی تۆ ئەو دەنگۆیەو ئەو قسەیە رەتدەکەیتەوە کە دەگوترێ تۆ هەوڵتداوە کەسانی نزیک لە خۆت بچنە کۆنگرە؟**

–من پێموایە هەموو کەسەکانی کۆمەڵەو هەموو کادرەکانی لە من نزیکن، کەسی دوور نابینم.

***بەرنامەت هەیە کە ئەمجارەش بە سکرتێری کۆمەڵە خۆت هەڵبژێری ؟**

– ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆمان لە پلینۆم سکرتێر هەڵدەبژێرین، ئەم مۆدێلە هەیەو هەم ئەو مۆدێلەش هەیە کە کۆنگرە سکرتێر هەڵبژێرێ، ئەمجارەش ئەم باسە لە پەراوێزی کۆنگرەش هاتە گۆڕێ کە با ئەمجارە سکرتێر لە کۆنگرە هەڵبژێرین.

وەک قسەیەک هاتو چوو، نەک وەک پێشنیاری رەسمی، بۆیە لە پلینۆمی داهاتوومان کە بە زوویی دەیگرین هەم دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرین، هەم سکرتێری گشتی کۆمەڵە، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیو دەکەوێتە سەر بڕوای هاوڕێیان بزانین کێ هەڵدەبژێرن.

*** لەم کۆنگرەیەدا، چ هەڵوێستێکتان وەرگرت بە نیسبەت رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)؟ ئایا بەرنامەی لێک نزیک بوونەوەتان هەیە یا دابڕانەکە قووڵتر دەکەنەوە؟**

– ئێمە لەناو خاڵەکانی بەرنامەی کۆنگرە ماددەیەکمان هەبوو بە ناوی حزبەکانی کوردستانو هەڵوێستی ئێمە، بە گشتی لێکدانەوەیەکمان کرد لەسەر حزبەکان.

لەسەر ئاستی گشتی جارێکی تر پێداگریمان کرد لەسەر بەرەی کوردستانی، خەڵکیشمان لێ دەرنەهاویشت، بەڵام بە نیسبەت حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، ئەمە زۆر پەیوەندی بە کۆنگرەوە نییە، مەرج نییە کۆنگرە لە سەر ئەوان قسە بکات، بەڵام بە گشتی ئێمە لەمێژە لەسەر ئەوان قسەی خۆمان کردووە.

ئێمە خوازیاری دوژمنایەتی نەبووینو نین لەگەڵیان، ئەو قسەو قسەلۆکەو ناتۆرەش کە ئەوان کاتی خۆی کردیانو رەنگە تائێستاش هەر درێژەی هەبێ نەچووینە ئەو مەیدانەوە.

ئێمە لەو بڕوایەداین حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەزموونێکی شکست خواردووە، حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئێستا تەنیا ناوێکە یا قاڵبێکەو لەوە زیاتر نییە، ئەگەر تۆزێک بە خراپتر بڵێم گۆڕێکی بەکۆمەڵە کە بەشێک لە کادرەکانی کۆمەڵە لە خۆڕایی خۆیان زیندە بە چاڵکردووە لەوێدا.

زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەوان سەری ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە هەڵبدەنەوەو بێنە دەرەوە، پێموایە بە لابردنی قاڵبی حزبی کۆمۆنیست ئەوان خۆیان لە زیندانی وەهم رزگار دەکەنو دەکەونە ناو دنیایەکی تازەوە.

ئەگەر ئەوان وەک حزبی کۆمۆنیستی ئێران کار بکەن، یەکگرتنەوەیەک لە ئارادا نییە، بەڵام ئەگەر وەک حزبی کۆمۆنیست کار نەکەنو بیانەوێ وەک کۆمەڵە کار بکەن، هەموویان یا هەر بەشێکیان ئێمە ئامادەین دەستی دۆستایەتی بۆ لایان درێژ بکەینو بکەوینەوە ناو دیالۆگێکی جدییەوە لەگەڵیان، چونکە ئێستا مەجالی دیالۆگیشیان نەهێشتۆتەوەو هەموو کەسیش دەزانێ ئێمە زۆرجار داوای دیالۆگمان کردووەو ئەوان رەتیان کردۆتەوە، دیارە هێشتنەوەی ئەم قاڵبەو ئەم بۆچوونانە بە پێچەوانەی زەمانە.

بە پێچەوانەی خواستەکانی خەڵکەو بە پێچەوانەی بەرژەوەندی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانەو غەیری پەراوێزکەوتنی زیاتری خۆیان هیچ ئاکامێکی نییە.

# نوێنەری کوردستان لە هەیئەی باڵای حەج:
# پێشنیار دەکەین دوای (ئیحرام) حاجییەکان جلی کوردی لەبەربکەن

**دیدار**
**سۆران پاڵانیو**
**دلاوەر قادر**

حاجی جەمال خدر نوێنەری کوردستان لەهەیئەی باڵای حەجی عیراقو بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری دینی ئاسۆ دیدارێکی لەگەڵ سازکرد لەبارەی حەجی ئەمساڵ و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی هەیئەکەیان بۆ کارئاسانی حاجییان.

***جیاوازی حەجی ئەمساڵ لە گەڵ ساڵانی رابردوو چییە؟ لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم یەکی گرتۆتەوە؟**

– دوای روخانی رژێمی بەعس، بەڕێوەبردنی کاروباری حەج درا بە هەیئەتێک کە پێی دەوترێ هەیئەتی باڵای حەجی عیراقی کە ئیشو کارەکان بەڕێوە دەباتو ئەندامێکی کوردی تێدایە بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە دوو ئەندامی تیدا بووە یەک لە ئیدارەی سلێمانیو یەکێک لە هەولێر.

ئەو هەیئەتە باڵایەی حەج ئیشو کارەکان بەڕێوە دەبات لە کوردستانو عیراق، ئەمساڵ هەیئەتێکی تر دروست بووە ناویان ناوە هەیئەتی باڵای حەجی عیراقی کە پێک هاتووە لە ٤کەس، یەک سوننەو یەک شیعەو کوردێک کە منم لەگەڵ سەرۆکی هەیئەتەکە.

من کە نوێنەری هەرێمی کوردستانم هەڵدەستم بەرێکخستنی ئیشو کارەکانی هەیئەتی باڵای حەجی کوردستان لەگەڵ عیراق، ئێمەش لە کوردستان خۆمان لیژنەیەکمان دروستکردووە بۆ کاروبارەکانی حەج.

*** لیژنەی باڵای حەجی عیراق هیچ بەربەستێکتان وەکو کوردستان بۆ دروست ناکات؟**

– لیژنەی باڵای حەجی عیراق هاوکارمانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە کە ئێمە چۆن وەکو کوردستان خۆمان فەرز کردووە لەسەر حکومەتی عیراق، بەو پێیەی کەوا هەرێمێکی فیدراڵمان هەیەو ئارامیو ئاسایشی بەرقەرارەو ئیدارەیەکی یەکگرتوومان پێک هێناوە، هەروەها خاوەنی تەجروبەیەکی باشین.

بۆیە زۆر رێزمان دەگرن، تەواوی کاروباری حەج دراوەتە دەست خۆمان ئەو رێژەیەی بۆ عیراق دانراوە ئێمەش بە پێی کوردستان پێمان دراوەو پڕکردنەوەی فۆڕمو هەڵبژاردنی حاجیو دیاری کردنی ژنی حەمل دارو هەڵبژاردنی کادری تەندروستیو ئیدارەی هەموو خۆمان دەکەینو ئەوان پەیوەندیان پێوەی نییە. خۆشبەختانە ساڵانی ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦ کوردستان دۆسییەی زۆر لە عیراق باشتر بووە. سەلماندنی ئەو قسەیەش من مانگی ٧ی رابردوو لە سعودیە بووم بەرپرسانی حەجی سعودیە زیاتر لە جارێک سوپاسی ئێمەیان کردووەو وتیان حاجییەکانی کوردستان تائێستا هیچ کێشەیەکیان نەبووە.

***مەسەلە تایبەتمەندییەکان چییە دەبێ لە کەسێکدا هەبێت بۆ حەج؟**

– حەجی ئەمساڵ لە ساڵی ١٩٠٠ تا ١٩٨٠ دەبێت، ئێمە ناوی خەڵکمان نووسیوە ئەو ژنانەش کە تەمەنیان بچووکە دەبێ (مەحرەمیان)لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەوانەی کە تەمەنیان زیاتر بێت پێویست ناکات. قۆناغی یەکەم تەواو بووەو لە قۆناغی دووهەمداین خەریکی ئەوەین ناوەکان داخڵی کۆمپیوتەر دەکەین دوای ئەوەش دەچینە قۆناغی سێهەم، دوایی ناوەکان کۆدەکەینەوەو دەیدەینە وەزارەت.

لەوێ ناوەکان پاک دەکرێنەوە لەوانەی کە لە سێ شوێن ناویان نووسیووە یان ئەوانەی فایلیان تەواو نییە. ئینجا لیژنەیەکی تایبەت کە پێکهاتووە لە دادوەرێکو نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانو نوێنەری وەزارەتی داد لەگەڵ هەموو کەناڵو رۆژنامەکان کە سەربەستن ئامادەبینو ناوەکان بە ئاشکرا بەیان دەکەین با کەس گلەیی نەکات.

ئەوەشی فۆڕمی پڕکردۆتەوە دڵنیای دەکەین کە ناوەکانی داخلی کۆمپیوتەر کراوە تەنها ئەوانە نەبێت کە پێشتر حەجی کردووەو ئەوەشی سوێندی خواردووە کە حەجی نەکردووە، بەڵام دەرکەوت حەجی کردووە ئەوا مافی چوونە حەجی دەفەوتێو ناوی رەش دەکرێتەوە.

*** ئەمساڵ ژمارەی حاجییەکان چەند دەبێت؟**

– بەپێی ژمارەی دانیشتوان ژمارەکە دیاری دەکرێو حاجییەکان دابەش کراوە لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان نزیکەی (٣٥٠٠)حاجی دەچێ بۆ حەج.

***ئایا ئەم لیژنەیەی کە دروستتان کردووە کاروبارەکان بەرێکو پێکی دەکات یان واستە دەوری تێدا دەبینێت؟**

– هەموو کارەکان پەیوەندی بە لیژنەی باڵای حەجەوە هەیەو کەس ناتوانێت تەداخولی بکات، واسیتەو وایستەکاری بەهیچ شێوەیەک رێگای پێ نادرێت، ئێمە بە نوسراوێکی رەسمی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئاگادار کراوین کە

**دەمانەوێت کورد بە حاجی وڵاتانی تر بناسێنینو ئازارەکانی کورد باس بکەین، چونکە حەج تەنها جێبەجێکردنی فەڕزەکان نییە، بەڵکو مەسەلەی سیاسیش دەگرێتەوە**

بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین کەس تەداخولی کاروباری حەج بکات. ئەوانەش کە پێشتر ناویان نووسیوە حسابمان بۆ نەکردن، چونکە ئەوکاتە سیستمێک هەبوو ئێستا سیستمێکی تر هەیە کە لە یەکتری جیاوازن، چونکە ئەگەر بەو سیستمەی پار بچین ئێمە (٧٠٠٠٠) هەزار ناومان هەیە کە بە ٢٠ ساڵ تەواو نابێت، ئەوەش ئیشێکی زۆر خراپە، چونکە لەوانەیە هەندێک لەوانە مردبێت یان تاقەتی نەمابێت.

***حکومەتی عیراقی رێگری نەکردوون؟**

– حکومەتی عیراق هیچ رێگر نییەو ناتوانن بێ ئێمەش هیچ شتێک بکەن بە پێچەوانەوە ئێمە فەزڵمان هەیە بە سەریانەوەو ناتوانن بێ ئێمە هیچ کارێک بکەن، تەنانەت ئێمە خۆمان لە مەدینە خانوو دەگرین بۆ حاجیانی کوردستانو نان خواردنو گرتنی سەیارە بە پرسی ئێمەیە بۆیە پەیوەندییەکی زۆر باشو پتەومان هەیە بەیەکەوە.

*** وردەکارییەکانی حەج بۆ ئەمساڵ چین؟**

– ئێمە بەم نزیکانە دەچین بۆ سعودیە بۆ دابینکردنی شوێنو خواردن بۆحاجییەکان لە مینا لە عەرەفە، بڕی تێچوون بۆ هەرحاجییەک ئەمساڵ ١٧٥٠ دۆلاری تێدەچێت کە (١٠٠٠)دۆلاری حاجییەکە خۆی دەیداتو (٧٥٠)دۆلاری حکومەتی هەرێم دەیدات، حکومەتی هەرێمیش لەو ١٧٪ کە لە عیراقدا بۆمان دانراوە.

***ئەی حکومەتی عیراق چیتان بۆ سەرف دەکات؟**

– حکومەتی عیراقیش لەو بەشەی کە دانراوە بۆ حاجییەکان بەشمان دەدات.

***مەسەلەی خواردنو شتەکانی تری حەج کێ دەیکات؟**

– خواردن لەوانەیە دوو جار بێت بەیانیانو ئێواران کە بێ بەرامبەرە، هەموو کەس ئارەزووی خۆیەتی دەیخوات یان نا کە حکومەت دابینی دەکات، ئەو پارەیەی کە حاجییەکە دەیدات تەنها بەشی کرێ تەیارەکەیەو ئەوی تری هەمووی لە سەر حکومەتە. جانتاش دروست کراوە بۆ حاجییەکان کە من نەمبینیوەو ئەمەش نازانین بۆ حاجییەکانی کوردستان دروست کراوە یا نا؟ ئێمە دەتوانین بۆ حاجییەکانی خۆمان دروستی کەین کە هەر حاجییەکیش (٣)جانتای پێ دەدرێ.

***ئەی جلو بەرگی کوردیو ئاڵای کوردستان بۆ حاجییەکان؟**

– پێشنیار دەکەین کە حاجییەکان جلو بەرگی کوردی لەبەربکەن دوای مەسەلەی (ئەحرام) بۆ هەر حاجییەکیش ئێمە ئاڵایەکی کوردستانمان ئامادە کردووە لە ئاوریشم کە دەیدات لە یەخەییو چەند ئاڵایەکی کوردستانمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەو شوێنانە هەڵواسرێن، کە حاجییەکانی کوردستانی لێیە.

*** لیژنەی راگەیاندنو تەندروستیو مورشدی ئایینی بۆ حاجییەکان چۆنە؟**

– لیژنەیەکی راگەیاندن ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی رۆژانە هەموو کارەکانمان رابگەیەنینو لیژنەیەکی تەندروستی باشمان لەگەڵدایە کە پێکهاتووە لە ٢٥کارمەندی تەندروستی، لەگەڵ ئەوەشدا (٨٠)مامۆستای مورشدی ئایینی دەبەین، هەروەها لیژنەیەکی (١٥٠) کەسیمان لە ئیداری لەگەڵە بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیان.

***داواکاریت چییە لەحاجییەکان؟**

– داوام ئەوەیە کە پابەندبن بە رێنماییەکانی لیژنەی باڵای حەجی کوردستانو نوێنەری کورد بن لەوێ، کورد بە حاجی وڵاتانی تر بناسێنینو ئازارەکانی کورد باس بکەن، چونکە حەج تەنها جێبەجێکردنی فەڕزەکان نییە، بەڵکو مەسەلەی سیاسیش دەگرێتەوەو هەروەها ئەو لیژنەیەش لەلایەن لیژنەی باڵای حەجی کوردستانەوە دیاری دەکرێ.


حاجی جەماڵ